## هەرگیز بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی ژنان لەبزوتنەوەی سۆسیالیستیی چینی کرێکار جیاناکرێتەوە

ژنان لە کۆمەڵگای چینایەتیدا دوو جار دەچەوسێنرێتەوە، جارێك لەسەر کار وە جاری دووەم لە ماڵەوە ودیارە ئەمەی دووەمیان بەهۆی ئەو ڕەوشتە پیاوسالاری یەیە کەتایبە تمەندیی سیستەمی چینایەتییە. لێرەدا لەسەر ئەم مەسەلە گرنگەو بەتایبەت لەدوای تێپەڕبوومی سەدان ساڵ بەسەر تەمەنی سیستەمی چینایەتیی سەرمایەداری و وردتر بڵێم لە دەهەمین ساڵی هەزارەی سێهەمی زایینی دا پێویستە بە جیددی قسە بکرێت وەبە کردەوە لە بەرانبەریدا هەڵوێست وەربگیرێت، ئەوەیە کە بۆچی تا ئێستا و بەتایبەت لەم سەردەمی پێشکەوتن وتەکنەلۆجیایەدا لێسەندنەوەی مافە بەدەست هاتووەکانی ژنان وە چەوساندنەوە لەسەریان نەك هەر ماوە بەڵکو توندتر وتوندتر بووەتەوە ؟! لە کۆمەڵگایەکی ئاوادا ئازادیی یەکجاریی ژنان بەندە بە ڕزگاریی تەواوی کۆمەڵگاوە لە ستەمی چینایەتیی و بەدیهاتنی سۆسیالیزم.

ئاستی مافە بەدەستهاتووەکانی ژنان لەکۆمەڵگادا بەندە بەتەرازووی هێزی خەباتی ژنان بۆ ڕزگاری لە کۆت و بەندی چەوساندنەوە،بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم مەسەلەیە پێویستە ئاوڕێك لە بزوتنەوەی ژنان مێژووی خەبات لەپێناو ئازادی یەکسانیدا بدەینەوە.

لەساڵی 1857 داو ڕێك لە8.مارس دا کرێکارانی کارگەی جل و بەرگ بۆ بەرز کردنەوەی کرێ و باشکردنی هەل و مەرجی کار لەنیۆیۆرك خوێناویانەسەرکوت کرا، پاشان بەدوای پەنجا ساڵ و لە 8 مارس ی 1907 داخەباتی ئەو کرێکارە گیان بەختکردووانە بەرز ڕاگیرا و لە لایەن کرێکارانی زۆر وڵاتی ئەوروپاو ئەمریکاوە یادی کرایەوە.هەروەها لە ساڵی 1908 ولەیەکێك لە کارگەکانی ڕستن و چنین لە نیۆیۆرك لەکاتی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی کرێکارانی ژنان لەپێناو داخوازییەکانیاندا خاوەنکارو دەسەڵاتداران و پۆلیس دەرگای کارگەکەیان لەسەر دادەخەن و 129 کرێکاری ژن دەسوتێنن. ساڵی 1909 لە باکوری ئەمریکا ژنانی سۆسیالیست بۆ یەکەمین جار کەمپینێکیان لە پێناو حەبات بۆ سۆسیالیزم وە مافی ژنان، دەنگدان و خۆهەڵبژاردن بەڕێ خست.

100 ساڵ پێش ئێستاو لە 27 ی ئاب (ئەوگوست) ی 1910دا کلارا زیتکین ژنە شۆڕشگێڕی مارکسیست و خەباتگێڕی ڕێگای ڕزگاریی ژنان، بۆ یەکەمین جار لە دووەمین کۆنفرانسی جیهانیی ژنانی سۆسیالیست لە کۆپنهاگن، کە 100 نوێنەری 17 وڵاتی جیا جیای وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکای باکوری تێدابەشداربوون، پێشنیاری دانانی ڕۆژێکی جیهانیی بۆ ژنان کرد کە وەك ڕەمزی بەڕێخستنی خەبات ی ژنان لە دژی چەوساندنەوە هەموو ساڵێك لەوڕۆژەدا هێزیان بهێننەمەیدان. بەدوای ئەودا لە19 ی مارس ی 1911 دا یەکەمین مەراسیمی ڕۆژی جیهانیی ژنان لە ئەمریکا، ئەڵمانیا،دانیمارك,نەمسا وسویسرا بەڕێخرا. هەروە ها لە8ی مارس ی 1917دا ولە شاری لینینگراد ( پتروسبورگ )ی ئەو کاتەی ڕوسیا مانگرتنێکی گەورەی کرێکارانی کارگەکانی قوماش و ڕستن و چنین بەڕێخرا،بۆیە هەندێکی ترلە سەرچاوەکان وەیاخود لە ڕێکخراوەکانی ژنان و چەپەکان یادی ڕۆژی جیهانی ژنان دەگێڕنەوە بۆئەم مانگرتن و خۆپیشاندانە.

سەرتاسەری ئەم مێژووە لە بزوتنەوەو خەباتی کرێکاری و سۆسیالیستی وە بەتایبەت خەباتی ژنان لەپێناو داخوازییەکانی ژنان بۆ بەدەستهێنانی: هەشت سەعاتکاری ڕۆژانە،یەکسانیی کرێ لەگەڵ پیاوان لەبەرانبەر کاری یەکسان، پاراستنی مافی دایکایەتی و منداڵ بەخێوکردن مافی دەنگدان و خۆ کاندید کردن لە هەڵبژاردنەکاندا، دیاری کردنی کەمترین ئاستی کرێ و ........... مێژوی ناڕەزایەتی هێزی ملیۆنیی چینی کرێکار وخەباتی ئەو چینەبووە بەدژی هەموو ئەو بێ مافی و چەوساندنەوەیەی کە سەرمایە بەسەر تەواوی کۆمەڵگایدا سەپاندبوو وە بە دروست بوون و سەرهەڵدانی چەندین ڕێکخراوی کرێکاری و سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی ڕێکخراوەکانی ژنان و هێنانە مەیدانی بەکردەوەی هێزیان بەدژی سەرمایەو جگە لە بەستنی چەندین کۆڕو کۆبوونەوەی کرێکاری وژنان لەچەشنی کۆنفرانس و کۆنگرە نێونەتەوەییەکرێکارییەکان وەیان کۆمۆنیستییەکان وەیا کۆنگرە نێونەتەوەییەکانی ژنانی سۆسیالیست کەدەبوونە جێگای باس و خواسی جیدی لەسەر ڕێگاچارەکان بۆ ڕزگاری یەکجاری وسەرەنجام کۆمۆنەی پاریس و شۆڕشی ئۆکتۆبەرو زنجیرە شۆڕش و ناڕەزایەتییەکانی سەرتاسەری دنیا وەبەتایبەت لەئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا تونرا زۆرێك ئەو داخوازییانە بەدەست بهێنرێت.بەم شێوەیە تەرازوی هێزەکان بەقازانجی بزوتنەوەی ژنان وە خواستە بەرهەقەکانیان بوو.

لەکاتێکدا کەلەئاکامی کێشەو ململانێی چینایەتی وشەڕی سەرمایە بەدژی کرێکاران کۆمۆنەی پاریس تێدەشکێنرێ وە دوابەدوای ئەو لەهەمان ململانێدا شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر هەم لەڕووی ئابووری و هەم لەڕووی سیاسییەوە بەتەحریفکردنی حیزبی شیوعی سۆڤێتی بەشکستدا دەبرێت وە سەرمایەداری دەوڵتی لەجێگای ئەو جێگیر دەبێت وە زیاتر لە حەفتا ساڵ بەناوی کۆمۆنیزمەوە نەك هەر لە سۆڤیەت بەڵکو لەدەیەها وڵاتی تری سەر بەهەمان بلۆکو تاساڵانی هەشتاکان ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان حوکم دەکەن وسەرکوتی تەواوی ماف و ئازادییەکانی کۆمەڵگایان دەکەن و لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتیاندا دەست دەگرن بەهەموو ئەو هۆیانەوە کە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

درێژە بەتەمەنیان دەدات. کەڵەکەکردنی سەرمایە لەدەستی حیزب و دەوڵەتدا، پڕچەککردنی دەوڵەت وپێشبڕکێی سەربازی لەگەڵ غەرب دەبێتە ستراتیژیان و نەبوونی ونەداری برسێتیی لە ڕادەبەدەر تەواوی کۆمەڵگا دەگرێتەوەو هەر جۆرە ئازادییەکی بیروڕاو دەربڕین و تەواوی مانگرتن وخۆپیشاندانە کرێکارییەکان سەرکوت دەکرێت.ئەوا دیارە کە ئازادیی ژنان لە جۆرە دەسەڵاتێکی ئاوادا هیچ جێگایەکی نابێتەوەو ژنان ئەمجارەیان دووبارە بەهەمان شێوە ی پێشوو وەتەنانەت توندتریش دەچەوسێنرێنەوە.
لەنێو هەوڵی درێژخایەنی بۆرژوازی بۆ بەشکست گەیاندنی سۆسیالیزم لەناوەوەو دەرەوەی ئەو وڵاتانەی کە بزوتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستی بەهێز بوو وەتەنانەت دەسەڵاتی کرێکاران لەسەر حوکم بوو وەیان فشاری گەورەیان لەسەر دانابوون، بۆرژوازی کەوتەهاوکاری و یارمەتیدان و تەنانەت چەکدارکردن و بەهێزکردنی هەموو ئەو گرووپ و حیزب و میلیشیا دینی و مەزهەبی و خێڵەکییانەی کە لەدژی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی دروست ببوون وەیان دروست کرابوون وە لەژێرناوی دژایەتی کردنی دیکتاتۆریەت وەبەناوی دیموکراتیەتەوە بەهێزکران وەبەکردەوە لەدژی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی هەڵخرێنران، و هەر دەنگێکیش کە بەرگری لەکۆمۆنیزم دەکرد وە دژ بە سەرمایەداریی دەوڵتیی یەکێتی سۆڤیەت دەهاتە مەیدان، سەرکوت و بێسەروشوێن دەکران، وەك لەئەفغانستان و وڵاتەکانی سۆڤییێت چیچان، یۆگۆسلاڤیا، ئەلبانیا، ڕۆمانیاو تەنانەت ئەڵمانیای شەرقی و چەندینی تر، کە ئاکام بە سەرکەوتنی بازاڕی ئازادی غەربی و تێکشکانی ئەو بلۆکەو ئاکام بەهێزبوونی دەسەڵات و فراوان بوونەوەی ئەو کابووسە گەورەیەی بیروباوەڕە دینی وخورافی یەکانی سەردەمەتاریکەکانی هەزاران ساڵ لەمەو پێش بوو کە دڕندانەترین وەسیلەی بۆرژوازی بوو لەم سەردەمەدا بەدژی کۆمۆنیزم، چونکەلەلایەکەوە سەرکوتی بەرەی پێشکەوتنخوازو ئازادیخوازی کۆمەڵگایە وەلەلایەکی تریشەوە خودی دین بەهیچ شێوەیەك نەك هەر دژی مالیکیەتی تایبەتی نییە، بەڵکو ئایدلۆژیایەکە کەلەسەرئەساسی دیفاع لەسەرمایەو پولی دەرەبەگ و بۆرژوازی بینا کراوە وئەم دابەش بوونە ناعادیلانەچینایەتییە بەبەشی خوا وەسف دەکات، وە بەکرێکاران و نەداران دەڵێت: گەر بەو بەشە ڕازی نەبن ئەوا دژ بەخواو کارەکانی خوا وەستاونەتەوەو لەو دنیا چارەنوسیان دۆزەخە. ئیتر بەم شێوەیەجارێکیترئەم دەسەڵاتە کۆنەپەرستە دینی و خورافیانە بە سەرمایە و پارەو پولێکی خەیاڵی و پڕلەکۆمەکەوە هاتنەوە مەیدان و دەسەڵاتی ڕەشی خۆیان و گەورەترین سەرکوت و بێ مافییان بەسەرزۆرێك لەو کۆمەڵگایانەداسەپاند کەتیایاندا بەرەی ئینسانیخوازو پێشکەوتنخواز سەرکوت و پاشەکشە پێکراو بوو.

ئیتر شەپۆلی شەڕە دینی و مەزهەبی و تائیفییەکان و لەزۆرێك لە وڵاتەکانی دنیادا دەستی پێکردو تا ئێستاش درێژەی هەیەو بووەتە کابوسێکی خەتەرناك کە داهاتووی کۆمەڵکای بەشەریەتی خستووەتە بەردەم تەنانەت خەتەری شەڕی گەورەی جیهانی و تەنانەت شەڕی ئەتۆمیشەوە. ئا لەم نێوەدا گەر بەوردی سەیر بکەین لەناو خانەوادەی بۆرژوازیدا لە شەڕی نێوان گەڕان بەدوای ئەلتەرناتیڤەکانیاندا ئێستا بە بڕوای من شیعارەکانی دیموکراتی و قەوم پەرستی شکستی گەورەیان خواردووە و لەجێگای ئەو دین وە مەزهەب پەرستی بەشێوەیەکی زۆر خەتەرناك جێگای گرتووەتەوەو تەواوی دام دەزگا دەوڵەتی و تەنانەت نێو دەوڵتییەکانیش خەریکن لەتەواوی دنیادا جوغرافیاو نەخشەی جیهان لەسەر بنەمای دینی و مەزهەبی دیاری و دابەش دەکەن هەروەك نموونەی ئەفغانستان، عێراق، ئێران، سودان، یەمەن، سۆماڵ و تەنانەت هەوڵدان بۆ ناونانی دەوڵەتی ئیسرائیل بەدەولتێکی یەهودی تەنها مولکی یەهودییەکان و هەوڵدان بۆ جیا کردنەوەی تبت لە چین وە دروست کردنی دەسەڵاتێکی مەزهەبی بوزی دەلای لامایی لەوێدا و لەدڵی ئەوروپای مۆدێرن و سیکولاردا دەیەها نمونەی ئەم گەشە پێدانەوەی کەنیسەکان و دەسەڵاتی قەشەو حاخامەکان دەردەکەوێت. وە لە چەندین بۆنەدا پەنایان بردووەتەوە بۆ قسەکانی پاپست وەیان لە نمونەی خورافەکانی ئینجیل دەدەنەوە بە گوێی خەڵکیداو هەزاران و بگرە ملیۆنەها لە منداڵانی کچ و کوڕی قوتابخانەکانی ئەوروپا بەتایبەت ئەڵمانیا هەم لە ڕێکای ئەو قوتابخانانەی کەسەر بە کەنیسەن و هەم ئەوانەش کەسەر بەدەوڵەتن هەفتەی ڕۆژێك دەبرێنە سەردانی کەنیسەکان، ئەمە لەکاتێکدا کە بەپێی دەستور هێشتا دین لەدەوڵەت جیایە، تا لە بەرانبەر نفوزو دەسەڵاتی گەشەکردووی ئیسلامدامەسیحییەت و یەهودیەت بەزیندوویی بیهێڵنەوەو بیکەن بەوەسیلەی دەستیان بۆ دیفاع لە سیستەمەکەیان ودرێژەدان بەتەمەنیان، چونکە هەروەك پێشووتر وتم تاکە پیشەسازیی گەورەو خاوەن بازاڕی مەزن و بەرهەمهێن کەبەدەسیتانەوە مابێتەوە ئێستا تەنها دین و خورافەیە و لەوێوە ئەتوانن زۆر باش سەرمایەگوزاریی خۆیان بکەن.

جا کاتێك لە سایەی ئەم وەزعییەتەدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەستکەوتەکانی خەباتی دەیان و سەدان ساڵەی کرێکاران، ژنان، لاوان وتەواوی ئازادیخوازانی دنیا زەوت بکرێتەوەو جەهل و خورافە بخرێتە جێگای زانست و پێشکەوتن، ئەوا کۆمەڵگا دەچێتەوە لێرەواری گەورەترین کارەساتی مێژوویی. بەم چەشنە گەر بەرەی ئازادیخواز و یەکسانیخوازو سۆسیلیستی کۆمەڵگا لەمەیداندا نەبێت، ئاسۆی مانەوەی بەشەریەت وە تەنانەت ڕەگەزی ئینسان لەوپەڕی خەتەردایە.دەیان ساڵە لە وڵاتەکانی ئێران و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەفغانستان، پاکستان، سودان، سۆماڵ، یەمەن، سعودیە، عێراق، میسر و چەندین وڵاتی تر کەدەسەڵاتی ئیسلام و شەریعەتی ئیسلام تیادا حاکم وەیان باڵادەستە، ژن و کچ بەدەر لە خیجابی زۆرەملیٚ و پەچەلەسەرکردن، بەردەباران دەکرێن،دەسوتێنرێن ،دەخنکێنرێن،بەرچەقۆدەدرێن، شەللاق دەکرێن، وەك نێچیرێکی بێدەسەڵات خەڵتانی خوێن دەکرێن و سەردەبڕدرێن. ئەوەتەنها کەژاڵ خدرێك و دوعایەك نییە کەلە کوردستان بوونەتەقوربانی،بەڵکو هەزاران و بگرە زیاتریش هەم لەکوردستان و عێراق وە هەم لەهەموو ئەو وڵاتانەش کەلەسەرەوە ناوم هێنان بوونەتە قوربانیی ئەو بەربەریەتەی سەرمایە، و تەنانەت لەزۆرێك لە وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاشدا نەك دەسەڵاتداران هیچ قسەیە ك وەیان هەڵوێستێکی جیددییان لەبەرانبەرئەم وەحشیگەری یەدا نییە،بەڵکو بە پێچەوانەوە خۆیان ڕاستوخۆ ونا ڕاستوخۆ هاوکاریی ئەم کوشتارەی ژنان دەکەن.سەپاندنی جمهوریی ئیسلامیی ئێران بە ناردنەوەی خومەینی بۆ ئێران و پشتیوانیی گەورەی تالیبان و ئوسامە بن لادن لە ئەفغانستان و پاشان بەزۆر سەپاندنی حکومەتەکەی کارەزای و مالیکی لەعێراق دا، نمونەی زیندووی ئەو کۆمەکەن. جگەلەمانەش و لەژێرناوی ئازادیی دین وە مولتی کولتی و حوارالحەزارات و .......لە هەمان ئەو وڵاتانەدا ڕێکەدەدەن بەهەموو ئەو گروپ و ڕێکخراوە ئیرهابی و تیرۆریستییە ئیسلامییانەی کە لەلایەن شێخ و مەلاکانی سعودیە ئێران و تورکیاو و وڵاتانی کەنداوەوە دروستکراون و یارمەتی دەدرێن ، کۆببنەوە وپیشەسازیی دین وخورافە بکەن و بازاڕیان گەرم بکەن و نەك هەرلەڕێگای موساوەمەو سازشی دیبلۆماسیانەو سیاسەتکردن و دروستکردنی مزگەوتەکان و کردنی بەجێگای کۆبوونەوەو فەتوا دەرکردن بەدژی مەدەنیەتی کۆمەڵگا لەوێدا، بەڵکو لە ڕێگای هەڕەشەو ئیرهاب و کاری تیرۆریستی لە نمونەی یانزەی سەپتەمبەر وتەقینەوەکانی لەندەن و ئیسپانیا و تەنانەت لە چەشنی تیرۆری ڤان کوخی نوسەرو دەرهێنەری سینەمایی هۆڵندی و کوشتن و لەخوێن هەڵکێشانی گیانی چەندین کچ و ژنی کورد زمان عەرەب زمان و چەندینی تر بەدەستی باوك و برا ومام لەژێرناوی شتنەوەی شەرە ف، هەڕەشە لەمەدەنیەتی کۆمەڵگا بکەن و لەوێوە بتوانن لە ئەوروپا ئەمریکادا ئامانجی جیهاد و فتوحاتەکەی دەورانی محەمەدو خەلافەت زیندوو بکەنەوە. ئەم ڕێگە خۆشکردنە جگە لە بەرگری کردن لە بازاڕی جیهانگیری یەکەی بۆرژوازی و سەرمایەداری جیهانی نەبێت هیچ شتێکی تر نییە.

جا بۆیە ئەم دنیا ئاوەژووەی کە سەرمایە تیایداحاکمە، دەبێت پشتی ڕاست بکرێتەوەو لەسەر قاچی خۆی دابنرێتەوە، ئەوەی کەئەسڵە دەبێت تەنها ئینسان بێت وەماف و کەرامەت بگەڕێنرێتەوە بۆ ئینسان.

هەرلە زیاتر لە 150 ساڵ لەمەوپێشەوە تا ئێستا بزوتنەوەی ژنان سەدان وە هەزاران قوربانیی داوە لە پێناو یەکسان بوونیان لەگەڵ پیاواندا لەهەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیداری و حقوقی دا و بۆ ئەمەش دەیان ڕەهبەری لەمەیدانە جیاوازەکاندا هێناوەتە دەرێ. ئەگەر ئەمڕۆ دەیان وەسەدان ژن ی وەك دوعا لە وڵاتەکانی عێراق، ئێران و ئەفغانستان و دەیان وڵاتی تری ئیسلام زە دە دەبنە قوربانیی دەستی دەسەڵاتی ڕەشی قانون و شەریعەتە دینی و کۆنەپ*رستانەکان، دەیان وسەدان نەدا ش هەن کەدەبنە ڕەمزی گیان بەخت کردن لە پێناو ماف و ئازادیی ئینسانیی ژنان، هەروەها دەیان و سەدان ڕەهبەری بزوتنەوەی ژنانیش هەن دەتوانن ببنە ڕەمزی دیفاع لە مافەکانی ژنان وە ڕەمزی یەکسانیخوازی لەم سەردەمەدا. وە مەدالیای جەرائەتیان لە یەخە بدرێت وەك نمونەی مەریەم نەمازی، مینا ئەحادی، نەوال سەعداوی، یەنار محمەدو چەندینی تر، کە هەر ئێستا لە نێو ئەماندا گەر کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالیستێکی تازەی جیهانیی ژنانی سۆسیالیست پێك بێت ئەوا بەدڵنیاییەوە مینا ئەحادی، مریەم نەمازی و یەنار محەمەد دەتوانن وەك کلارا زیتکین ی ئەمڕۆ دەوری جیددی و ڕەهبەری لە پێناو بەرەو پێش بردن و بەسەرکەوتن گەیاندنی بزوتنەوەی ئازادی و یەکسانیخوازیی ژنان ببینن.

کەواتە ئەوەی ئەمڕۆ دەوری چالاك و کارا دەبینێت لە ئاڵوگۆڕپێدانی جیددی و بەرچاو لە نەمانی هەر جۆرە چەوساندنەو سەرکوتێکی ژنان، گەشەی بزوتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستی وەهاتنە مەیدانی هێزی ملیۆنیی ژنانە بەدژی ئەم ناعەدالەتییەی سەرمایەداری و هەوڵدانە بۆ گەشە پێدانی هوشیاریی کۆمەڵایەتیی سەرتاپاگیر بەدژی تەواوی ئەو وەسیلانەی بۆرژوازی بەکاری د*هێنێت لەشکلی دین و خورافەو هەرچەشنە کۆنە پەرستییەك کە بەقازانجی مانەوەی دەسەڵاتەکەیەتی وە گۆڕینی تەواوی هەموو ئەو دەستورو قانونانەی کەدژ بە ئازادیەکانی ژنانن. وە دابڕینی تەواوی دین وخورافە لە هەموو ئۆرگانەکانی دەوڵەت و پەروەردەو فێرکردن. هەروەها هەوڵدان بۆ زیاتر گەشە پێدانی جیهانیی بزوتنەوەی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی وهەرچی زیاتر لێك هەڵپێکانی بزوتنەوەی کرێکاریی جیهانی و گواستنەوەی تەجرەبەو سەرکەوتنەکانی وڵاتەکان بۆ یەکتر وە لەم نێوەدا کۆمۆنیزمی کرێکاریی بڕبڕەپشتی ئەم مەسەلەیەیە.بۆیە ئیچمە ئەرکێکی زۆر جیددی لەسەر شانمانە کەناتوانین بەئاسانی دەستبەرداری بین وەهەر کەمتەرخەمییەك دەبێتەهەرچی زیاتر توند بوونەوەی ئەو کوشت و کوشتارەی ژنان و درێژبوونەوەی تەمەنی سەرمایە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مانگی مارس زیاتر لە 100 ساڵە لەسەرتاسەری دنیادا بووەتە ڕەمزی خەباتی بزوتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستی، بووەتە ڕەمزی خەباتی بزوتنەوەی ژنان لە پێناو ئازادی و یەکسانیدا، کۆمۆنەی پاریس، مەرگی مارکس و 8ی مارس و هەروەها لەعێراق وە بەتایبەت لەکوردستان یادی دامەزراندنی یەکەمین شوراکرێکاریەکان، ئەمانە بزوێنەری کۆمەڵە ئەرکێکن لەسەر شانی کرێکاران ژنان سۆسیالیست و چەپ و کۆمۆنیستەکان جا گەر ڕێکخراو بن یان نا، حیزبیان پێکهینابێت وەیان لەشێوە تاك (ئەفراد)دا بن بەجیددییەتێکی زۆر زیاترەوە لە بەرانبەر ئەم شەبەحە خەتەرەی جیهانی سەرمایەو گشت پیشەسازییە کوشندەکانیدا وەك دین و مادده بێهۆشکەرەکان و چەندین شتی سەیر سەمەرەی تر ڕاوەستینەوەوخەبات بکەین وە ڕێگە بگرین لەوەی کە چیتر شەڕی دینی و مەزهەبی بەر دەرگای ماڵەکانمان نەگرێت، بازاڕی سەرمایە منداڵەکانمان بێهۆش نەکەن وە ناچاری ئەو شەڕانەیان نەکەن کەتەنها لە پێناو قازانجی سەرمایەدایەدایە، چیتر نەهێڵین منداڵکانمان بەرەو کەنیسەو مزگەوتەکان ناچار بکەن، چیتر قورئان و ئینجیل بەسەریاندا دابەش نەکەن ولە ڕێگای ئەو گشتە وەهم و خورافیاتەوە لەترسی وەهمی دۆزەخی ئەو دنیا ناچار بە ڕووکردنە مزگەوت و کەنیسەکانیان نەکەن لەوێوە بانگەوازی نەك هەر حیجاب لەسەر کردن نەدرێت بەگوێیاندا بەڵکو چیتر بانگەوازی جیهاد و شەڕی غەیرە ئیسلام غەیرە یەهودی مەسیحی نەدرێت بەگوێیاندا.

تەنهاو تەنها بزوتنەوەی سۆسیالیستی و بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازی ژنانە کەدەتوانێت بەم ئەرکە هەڵبسێت وە بزوتنەوەی ژنان بەرەو ئاستێکی بالاتر ببات، بۆیە ئەرکی هەرئێستا بەبڕوای من بریتیە لە بەرپەرچدانەوەی دەسەلاتی دین لەهەموو بوارەکاندا وە هەوڵدانە لە پێناو کۆکردنەوەی هێزی ملیۆنی بەدژی دەسەلاتی دین وەك سیاسەت حوکم و شەریعەت وە جیاکردنەوەی دین لەڕیشەوە لەدەوڵەت پەروەردەو فێرکردن.نا بەحیجاب وە بەتایبەت کۆکردنەوەی نەئێکی ملیۆنی بەدژی حیجابی منداڵان. یەکسانیی تەواوی ژن و پیاو لەهەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری دا ئەو هەر ئەرکی ئەم بزوتنەوەیە ئەم مێژووەلەخەبات سەلماندی کە تا سۆسیالیزم بەدی نەیەت ئەوا یەکسانیی تەواوی ژن و مەحاڵە، کۆمۆنیزم تاوەسیلەی ڕزگاریی بەشەریەتە کەتیایدا تەواوی ئینسانەکان ئازادو یەکسان دەژین وە هیچ جیاوازی یەکی قەومی ودینی تائیفی وجنسی مانایەکی نامێنێت وەلەناو دەچن.

ستاری چیمەنتۆ

27.شوبات 2010

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com